# دەنگی مەخموور

خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەممەد
makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com


**لەم ژمارەیەدا**


* خۆشەویستی لەقۆناغەکانی زانکۆدا ل٤
* ئافرەتانی مەخموور گیانیان لەمەترسیدایە ل٦
* جامی خولی یانە پاڵەوانەکان لەنێوان گاردیۆلاو ڤێرگسۆن ل٧




جەمال جەمیل :
لەحەفتاکان خێزانی رۆشنبیر لەئێستا زۆرتر بوون ل٥


ژمارە ( ٨ ) | رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت | نرخ ( ٢٥٠ ) دینار | هەینی ٢٠٠٩/٥/١٥ | ٢٥ی گوڵانی ٢٧٠٩


غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK:

# بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن دەکەین

**تایبەت بە (دەنگی مەخموور):**

غەفوور مەخمووری بە (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند کە وەك YNDK بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن‌و، ئامانجیشیان ئەوەیە کە زیاتر بتوانن خزمەتی جەماوەری کوردستان بکەن.

غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لەهەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (دەنگی مەخموور) تیشك دەخاتە سەر کۆمەڵی پرس، سەبارەت بەرەوشی مەخموورو کەمی خزمەتگوزاری وتی: "دەڤەری مەخموور خەریکە بەرەو وێرانی‌و کاول بوون دەچێت‌و پێویستی بەئاوڕ لێدانەوەی خێرا هەیە لەرووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری‌و ئاوەدانکردنەوە"، لەدرێژەی قسەکانیشدا وتی: "هیچ رەوا نییە تائێستا نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن لەو شارەدا نەبێت"، لەوەڵامی پرسیارێکدا کە زۆر جار غەفوور مەخمووری لەپەرلەمان باسی گرفت‌و کێشەکانی دەڤەری مەخمووری کردووەو داوای کردووە بایەخ بەو ناوچەیە بدرێت لەرووی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری کەچی هەر بایەخ بە ناوچەکە نەدراوە مەخمووری وتی: "بەڵێ زۆر جار هاوارمان کردووە کە مەخموور پێویستی بەخزمەتگوزاری هەیە، بەڵام کەس بەهاوارمانەوە نەهاتووە، من لەپەرلەمانم داوای شتەکان دەکەم پێویستە حکومەتیش جێبەجێیان بکات، جارێکی تریش لێرەوە داوا لەحکومەتی کوردستان دەکەم بەهانای خەڵکی مەخموورەوە بێت‌و ئاورێکی خێرای لێبداتەوە، مەخمووریش کوردستانە ناکرێ پشتگوێ بخرێ، کە دەڵێین مەخموور مەبەستمان مەخموورو قەراج‌و گوێڕو کەندیناوەیە".

لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئاخۆ ئومێدی چی بە ئەنجوومەنی نوێی پارێزگای موسڵ هەیە بۆ خزمەتکردنی دەڤەری مەخموور وتی "هیچ ئومێدێکم بە ئەنجوومەنی نوێی پارێزگای موسڵ نییە کە خزمەتی دەڤەری مەخموور بکەن لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەنجوومەنەکە لە لیستی حەدبا پێکهاتووە، ئەو لیستەش هەموویان کەسانی کۆنە بەعسی‌و شۆڤێنین، ئێمە نابێ چاوەڕوانی خەڵك بین دەبێ خۆمان کار بۆ خۆمان بکەین". سەبارەت بە بەشداری YNDK لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان غەفوور مەخمووری بە (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند: "ئێمە وەك یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین‌و لیستەکەشمان لەژمارەیەك کەسایەتی بەتواناو خاوەن بڕوانامەو ئەهلی کار پێکهاتووەو، بەرنامەی خۆشمان هەیە بۆ خزمەتکردنی جەماوەری کوردستان کە دواتر بڵاوی دەکەینەوە، ئامانجیشمان زیاتر خزمەتکردنی گەلی کوردستان‌و بێدەنگ نەبوونە بەرامبەر ناهەقییەکان".

دەقی هەڤپەیڤینەکە لەژمارەی داهاتووی (دەنگی مەخموور)دا بخوێنەوە.



قایمقامی قەزای مەخموور:

# بەهیچ شێوەیەك هاتنی نوجێفی لەو بارودۆخە قەبوول ناکەین



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

دوای ئەوەی لیستی حەدبا بەسەرۆکایەتی ئەسیل نوجێفی پۆستە ئیدارییەکانی موسڵی بە تەنیا بەسەر لیستەکەی دابەشکردو، لەبەرانبەر ئەمەش هەر سێ قەزای شێخان‌و مەخموورو شەنگال بایکۆتی ئەو ئەنجومەنەیان راگەیاند، لەلایەکی دیکەوە لەرۆژی ٥/١٣ لەشارۆچکەی گوێر دوای ئەوەی هێزێکی زۆر لەپارێزگای مووسڵەوە بەرەو ئەو شارۆچکەیە دێن لەلایەن هاوڵاتییان‌و جەماوەری ئەوشارۆچکەیە نارەزایی دەردەبرن‌و ئەو هێزە ناچاردەکەن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

لەلێدوانێکی تایبەت بەدەنگی مەخموور، بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموور رایگەیاند "سەبارەت بە رووداوەکەی ٥/١٣ لە شارۆچکەی گوێڕ دوای ئەوەی چەندین ئۆتومبێلی سەربازی بەرەو ئەو شارۆچکەیە دێن لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە رەتدەکرێنەوە، جەماوەری ئەو ناوچەیە نارەزایی دژی هاتنی نوجێفی دەردەبڕن"، بارزان سەید کاکە ئەوەی رەتکردەوە کە ئەو ئۆتومبێلانە نوجێفی بوبێت هەروەك گوتی "دوای ئەوەی ئاشکرابوو ئەو ئۆتومبێلانە بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ بووە بەڵام دوای نارەزایی جەماوەرو خەڵکی ناوچەکە دەگەڕێنەوە مووسڵ".

سەبارەت بەوەی ئاخۆ هاتنی بەڕێوەبەری پۆلیسی نەینەوا بۆ مەخموورو دەوروبەری مەبەست لەرێگە خۆشکردن بووە بۆ هاتنی نوجێفی هەروەك قایمقامی مەخموور ئەوەی بە دوور نەزانی‌و ئاماژەی بەوەشکرد کە تا لیستی حەدبا لە سەر سیاسەتەکانی و هەڵوێستەکانی بەردەوام بێت هەر ٣ قەزا، ئەوانەی بایکۆتی پارێزگای مووسڵیان کردووە بەردەوام دەبن‌و سەبارەت بە گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو ئەو پێی وابوو "چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە گەیشتنە بە تەوافووق هەروەك لە هەموو ئێراق بەڕێوەدەچێت، پێویستە لەشاری مووسڵیش ئەو تەوافووقە هەبێت لەنێوان هەردوو لیستدا". دواتر بارزان دەربارەی تاکە چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشەیە گوتی " تادێت کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن، بەڵام تاکە چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە گەیشتنە بە تەوافووق‌و یان جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و دابەشکردنی دەسەڵات بۆ هەموو لایەك".

هەروەها قایمقامی قەزای مەخموور ئەوەی رەتکردەوە لەو بارودۆخە هاتنی نوجێفی قەبووڵ بکرێت، راشیگەیاند "بەهیچ شێوەیەك هاتنی نوجێفی لەم بارودۆخە قەبووڵ ناکرێت".

هەروەها ئەوەشی راگەیاند ئەوەی ئەمرۆ لە ئێراق روودەدات وەك دەبینین یاسا کاری پێ ناکرێ‌و ئەوان لەو شوێنەی خۆیان بیانەوێ یاسا بەکاربێنن بەکاری دێنن و بەپێچەوانەشەوە، لەبەر ئەوە لەرووی پێکەوە ژیان‌و دروستکردنی ئێراقێکی تازە دەبێ رەچاوی بەرانبەر بکرێت.

حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی مەخموور

# داوای گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر کوردستان دەکەن

**خەلیل پالآنی - مەخموور**

رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣ لەتەلاری قایقامیەتی قەزای مەخموور بەمەبەستی پشتگیریکردن لە لیستی برایەتی نەینەوا و بایکۆتکردنی هەڵوێستەکانی لیستی حەدبا، حیزب‌و لایەنە سیاسیەکانی دەڤەری مەخموور کۆبوونەوە .

لەبەیاننامەیەکدا کە دانەیەکی بەدەنگی مەخموور گەیشتووە، حیزب‌و لایەنە سیاسیەکانی دەڤەری مەخموور کە پێکهاتوون لە لقی (٢٣)ی مەخمووری پارتی دیموکراتی کوردستان، مەڵبەندی (٢٠)ی قەرەچووغی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لقی مەخمووری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، هەرێمی قەرەچووغی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، کۆمیتەی قەزای مەخمووری حیزبی شیوعی کوردستان، ناوچەی مەخمووری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی رێکخستنی مەخمووری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) رایدەگەیەنن، کە "بەمەبەستی پشتگیریکردن لە لیستی برایەتی نەینەواو بایکۆتکردنی هەڵوێستە نابەجێیەکانی لیستی حەدبا، لەتەلاری قایمقامیەتی قەزای مەخموور کۆبوونەتەوە"، هەروەها بەپێی ئەوەی کە لەبەیاننامەکەدا هاتووە لەکۆبوونەوەکەدا جەخت کراوەتە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١ - پەیڕەوکردن‌و جێبەجێکردنی بنەمای تەوافووق لەدابەشکردنی پۆستەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ.

٢ - پەلەکردن لەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٣ - پتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەب لەناوچەکە.

٤ - بۆ دوورکەوتنەوە لەناکۆکی‌و دووبەرەکی، داوا لەحکومەتی عێراقی‌و UN دەکەین بەشێوەیەکی کرداریی بێنە ناو کێشەکەو چارەسەری گونجاوی بۆ دیاریی بکەن.

٥ - رەتکردنەوەی داوای هەندێ بەناو نوێنەری تەعریب لەوەدەرنانی دەزگاکانی ئاسایش لەمەخموور، بەپێچەوانەوە دەزگاکانی حکومەت رێز لەخەڵك دەگرن‌و لەپاراستنی ئەمنیەت هەمیشە ئامادەییان هەیەو مایەی متمانەی دانیشتوانی دەڤەرەکەن بە کوردو عەرەبەوە.

٦ - داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە زیاتر بایەخ‌و گرنگی بەدەڤەری مەخموور بدات بەپێشکەشکردن‌و جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی.

# کوردە جووەکانی مەخموور زێدی خۆیان بەسەر دەکەنەوە

**تایبەت بە (دەنگی مەخموور)**

دوای پەنجاو هەشت ساڵ لەدوورکەوتنەوەیان، بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی ناوچەکە، دوو جولەکەی دانیشتووی مەخموور گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان.

رۆژی ٥/٦ بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی ناوچەکەیان‌و سەردانی کردنی گۆڕستان‌و ئەو شوێنانەی کە لێی ژیاون، دوو جولەکەی بەرەگەز کوردی دانیشتووی مەخموور بەناوی (نیسان یوسف‌و عەدۆ پنحاس) بەزێدی خۆیاد شادبونەوە، لەچاوپێکەوتنێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور)، (نیسان یوسف) کە بەر لە پەنجاو هەشت ساڵ کۆچی کردووە بۆ ئیسرائیل‌و ئێستاش لەشاری (رەملە) بەدووری ١٥ کیلۆمەتر لە (تەل ئەبیب) نیستەجێیە وتی "ئێستا کە هاتوومەتە مەخموور وا دەزانم لەبەهەشتدام"، هەروەها دەربارەی خۆیان وتی "ئێمە لەلایەنی ئاینییەوە جولەکەین‌و بەرەگەز کوردین، لەئیسرائیل نزیکەی بیست‌و پێنج هەزار کوردی سۆرانی‌و هی لای دهۆکیش پانزە هەزار دەبن، تائێستاش بەهەمان نەریتی ئەو ناوچەیە دەژین‌و هەر بە کورد ماوین‌و توانیومانە زمانەکەمان بپارێزین‌و ئەو خواردن‌و چێشتەی لێرە کورد لێی دەنێ ئێستاش خێزانەکەم دەیکات"، هەروەها دەربارەی تێڕوانینی حکومەتی ئیسرائیل لەنەتەوەی کورد وتی "پلەی کوردان زۆر گەورەیە لەئیسرائیل، ئێمەی ئیسرائیلیەکان دەزانین کە رۆژێك دادێ‌و هەر دەبێ پێکەوە جوت بکەین"، هەروەها دەربارەی مەخموور وتی "ئەگەرچی ئێستا دوکانی زۆری لێیەو خانووەکان زیادبوونە، بەڵام بازاڕو دوکانەکان جوان‌و رێك‌و مۆدێرن نینە وەکو ئیسرائیل، شەقامەکانی خاوێن نییەو بینایەو خانووی جوانی کەمە"، (عەدۆ پنحاس) کە جولەکەیەکی تری دانیشتووی مەخموور بووەو هاتبووە مەخموور وتی "ئێمە تائێستا لەناو خۆمان بەزمانی کوردیش دەدوێین، ئەگەرچی کەمێك لامان زەحمەتە، بەڵام لەبیرمان نەکردووە، ئاواتی باوکم ئەوە بوو کە بێتەوە ناوچەکەو جارێکیتر برادەرانی ببینێتەوە، بەڵام نەهات"، ئەمەو ئەم دوو جولەکە کوردە کە لە تەمەنی (٩-١٢) ساڵی بوونە ئەوکاتەی کە مەخمووریان جێهێشتووە زۆر لەکەسایەتی‌و بەسالآچووانی دەڤەرەکە دەناسن‌و زۆر زانیاریان لەبارەی مێژووی خۆیان لەمەخموور بۆ (دەنگی مەخموور) ئاشکرا کرد کە لەلاپەڕە (٣)دا بەدرێژی خراوەتەڕوو.



عەدۆ پنحاس

## لەیادی تەقینەوەکەی ٥/١٣دا

بەبۆنەی ٢ ساڵ تیپەڕبوون بەسەر کارەساتی تەقینەوەکەی شاری مەخموور لەرۆژی ٢٠٠٧/٥/١٣دا، لەیادی ئەو کارەساتە خەماوییەی مەخمووردا، بەناوی رۆژنامەکەمانەوە پەیامی هاوخەمی خۆمان ئاراستەی تەواوی خەڵکی ئەو دەڤەرەو بەتایبەتی بنەماڵەی شەهیدان دەکەین، شایانی وتنە لەئەنجامی ئەم کارە تیرۆریستییە نامرۆڤانەیە بەدەیان هاوڵاتی ئەو شارە بریندارو شەهید بوون، ئاسەواری ئەم تەقینەوەیە ئەوەندە گەورە بوو، دوای دوو ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە هێشتا ئاسەوارو شوێنەواری تەقینەوەکە لەو شارە هەر ماوە.